

# ئیفلیجی

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

ئێوارەیەکی سەرەتای بەهار بوو، لەگەڵ چەند کەسێکدا گوێمان لە قسە خۆشەکانی دەروێش عەبدوڵڵا گرتبوو.. سڵاوی ڕێبوارێک ئاوڕی پێ داینەوە.. کابرایەکی ڕیش ماش و برنج و ژنێکی کەڵەگەتی جوان بەرە بەرە لێمان نزیک بوونەوە..

کابرا ڕووی دەمی لێ کردین:

من مەلام.. دوازدە عیلمم تەواو کردووە، بیستوومە ئێرە مەلای نییە، دەمەوێ ببمە مەلای دێکەتان..

یەکێکی قۆشمەمان لەگەڵدا بوو، بێ سێ و دوو وتی:

" ئێ خۆ ئێرە مزگەوتیشی تیا نییە، مزگەوتەکەیان ئەم زستانە ڕووخاند و هێشتا چاکمان نەکردۆتەوە.."

یەکێکی دیکەمان وتی: ئا، ئەم کادینە بەتاڵە خاوێنی دەکەینەوەو دەیکەینە مزگەوت، هەر ئەو ئێوارەیە میوانداری مەلایان کرد و خانوویەکی نیوە ڕووخاوی بەتاڵیشیان بۆ دیاری کرد کە دواتر بۆی نۆژەن بکەنەوە.

مەلا، هەر مانگێک بەرنوێژی بۆ دێکە کرد، لە ڕووداوێکی ترافیکدا ئیفلیج بوو.. بۆ یارمەتیدانی، گوندییان منداڵەکانیان دەنارده لای مەلا فێری قورئانیان بکات.

سوارە، منداڵێکی زیرەک و بزێو بوو.. هەموو جارێک بانگم دەکرد تاکو باسی فەقێیەتییەکەی خۆیم لای مەلا ڕەشید بۆ بگێڕێتەوە.

دەیگوت، من لەبەر دەوامی قوتابخانە سەر لە ئێواران و فەقێیەکانی دیکەش سەر لە بەیانیان بۆ لای مەلا دەڕۆیشتین.

لەم ساڵانەی دواییدا مەلا بەهۆی ڕووداوێکەوە ئیفلیج بووبوو، تەنیا دەستی ڕاستی و زبانی لە جووڵە نەکەوتبوون.. بۆ هاموشۆی فەقێکانی لە پشت حەوشەوە دەرگایەکیان کردبۆوە، هەر کە ئاودیو دەبوویت، ڕێڕەوێکی یەک دوو مەتری بە ژوورەکەی مەلای دەگەیاندی.. هەموو جارێکیش هەر کە دەچوومە ژوورەوە دەمپرسی: "مامۆستا هیچت پێویست نییە؟"

بە بێزارییەکەوە دەیگوت: ئەو ژنە نەعلەتییە هەر بەیانی زوو خواردن و ئاوم بۆ دادەنێت، ئیتر خۆ نایبینم.. خۆ منیش نەمدەدیت.. ئەوە دوو جزم خەتم دەکەم هێشتا مەلاژنم ڕووبەڕوو نەدیوە.

دەڵێت: ئا وەرە.. کونی دەرگاکە شارەزای.. هەموو جارێک ئەمە دووبارە دەکاتەوە. دەڵێم، بەڵێ مامۆستا.

دەڵێت: کونەکە لە ناوەڕاستی دەرگاکەدایە... چاوت بە کونەکەوە بنێ، بزانە چی دەبینی یەکە یەکە بۆمیان بگێڕەوە... دەڵێم باشە... دەڕۆمە لای دەرگاکەوە... هەر لە شوێنەکەی خۆیەوە دەڵێت: " کەمێ خوارتر"

دەڵێم، دەزانم... چاوێکم دەنووقێنم و چاوێکم بە کونەکەوە دەنێم.

دەڵێت: چی دەبینی؟

من هەرگیز ئەودیوم نەدیبوو. هەر لە مەودای کونەکەوە ئەو دیوم بینیبوو... جاری وا دەبوو هیچم نەدەدی... هەستم دەکرد ئارام دەبوومەوە.

دووبارەی دەکاتەوە: پێم وتی چی دەبینی بۆ دەنگ ناکەیت؟

دەڵێم: مامۆستا، چیایەکی بەرز و ڕێگایەکی چۆڵ و یەک دوو درەخت... قسەکەم پێ دەبڕێت... دەڵێت: تۆ چیا لە کوێوە دەبینیت؟

دەڵێم: وێنەیەکی گەورەیە بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە، ڕێگاکەش تا دامێن چیاکە دیارە، چۆڵوهۆڵە...

"لەبەر خۆیەوە دەڵێت، من هەر ئاگاشم لەو وێنەیە نییە"

دەڵێت: گەمژە، من وێنەکە ناڵێم... لە ژوورەکە کەسێ دەبینی؟

دەڵێم: خشپە خشپی دێت، بەڵام کەس نابینم...

دەڵێت: قەرەوێڵەکەت لێوە دیارە؟.

دەڵێم: لە خوارەوەی وێنەکە دایە.

دەڵێت: ئێستا هەر کەس دیار نییە...؟ کەس نەهات...؟

دەڵێم: نەخێر... ڕێگایەکی چۆڵوهۆڵە...

دەڵێت: چەند جارم پێ وتی... ڕێگاکە ناڵێم... ژوورەوە... ژوورەوە.

ئەوەتا من لێرەوە گوێم لە کردنەوەی دەرگایە... دەتۆ وەرە خوارێ گوێ بە دەرگاکەوە بنێ...

گوێم بە دەرگاکەوە ناوە... گوێ هەڵدەخەم دەڵێم:

شوڕەی ئاو دەژنەوم...

دەڵێت: من دەنگی دەرگاکەی ئەودیوم بیست... خێرا چاو بە کونەکەوە بنێ... گوێم لە دەرگاکە لادەدەم، چاو بە کونەکەوە دەنێم و دەڵێم، وا تەماشا دەکەم...

کەس نابینی؟.

دەڵێم: با... ژنێک دەبینم... جارەکانی پێشووش هەر ئەمم دەبینی...

دەڵێت: تۆ بێدەنگ بە... بۆ من تەماشا بکەو چی دەبینی پێم بێژە... باشە؟ چی دەکات؟

دەڵێم: لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوە دەکات...

چی لەبەر کردووە؟.

دەڵێم: کراسێکی تەنکی پەمەیی...

لە ژێر لێوەوە دەڵێت ئای نەعلەتی خوات لێ بێت...

دەڵێم بۆ مامۆستا...

دەڵێت: تۆ نا...

ئای... ئای...

بە پەرۆشەوە دەڵێت، چی بوو؟ ها... چی ڕووی دا؟

دەڵێم... کراسەکەشی داکەند و دەچێتە بەر پەنجەرەکە تەماشای دەرەوەی ژوورەکە دەکات.

دەڵێت تەقەی دەرگایەکم ژنەوت؟

دەڵێم: ئا... پیاوێک هاتە ژوورەوە...

دەڵێت: پیاوەکە چی دەکات؟ هێز بە خۆی دەدات وەک بیەوێت هەڵسێتە پا...

دەڵێم: پیاوەکە، جگەرە دەکێشێت و تەماشای ژنەکە دەکات و قسەی لەگەڵ دەکات...

دەڵێت: چی دەڵێت؟

دەڵێم: نابیسم...

دەڵێت: ئەی ئێستا؟

دەڵێم: بە ژوورەکەدا دێت و دەڕوات و جلەکانی دادەکەنێت...

دەڵێت: ئەی ژنەکە؟

دەڵێم: ڕووت و قووتە... وا پەردەی پەنجەرەکە دادەداتەوە...

دەڵێت: تۆ، ڕامەوەستە چی دەبینی زوو پێم بڵێ...
دەڵێم: پەردەکەی دادایەوە، ژوورەکە کەمێ تاریکە وا پیاوەکە چرایەکی هەڵکرد...
دەڵێت: ئیتر...؟
دەڵێم: هەر دووکیان ڕووتوقووتن و دەچنە لای قەرەوێڵەکە... ئای... ژنەکە... ئەمەی کابرا دەگرێت...
دەڵێت: ئەمە یانی چی؟
بە شەرمەوە دەست بۆ ناو گەڵی خۆم دەبەم...!!
دەڵێم: ژنەکە، دەرپێ درێژە کوردیەکەشی داکەندووە، هێشتا دەرپێیەکی بچووک.....
قسەکەم پێ دەبڕێت...
دەڵێ: مەمکیشی ڕووتە...
دەڵێم: ئا... مەمکی سپی و خڕی دەستی کابرا هەڵیاندەگلۆفێنێ...
"بێ مێشک تۆ هەقت نەبێت بۆ من تەماشا بکە...!!!"
ئا... کابرا و ژنەکە لە یەک نزیک بوونەوە... پیاوەکە وا چووە سەر قەرەوێڵەکە ڕاکشا... دەستی بە هێنەکەیەوەیەتی...
وا دەستی برد و ژنەکەی ڕاکێشایە سەر قەرەوێڵەکە...
وا ژنەکە لە پاڵ پیاوەکە ڕاکشاوە...
دەڵێت: لەسەر پشت ڕاکشاوە، یان...
دەڵێم: ڕووبەڕووی یەکن...
دەڵێت: پیاوەکە چی دەکات؟
دەڵێم: لەسەر یەکە لاملی، گوێچکانی، سکی، خوارتریش ماچ دەکات و بە چپە دەدوێن...
دەڵێت: چی دەڵێن؟.
دەڵێم: نازانم، ناژنەوم... وا پیاوەکە دەستێکی بۆ خوارەوە دەبات... ژنەکە، پیاوەکە ماچ دەکات...
"لەبەر خۆیەوە دەڵێت: ئای قەحپە..."
دەڵێت: وتت ژنەکە چی دەکات؟
دەڵێم: وتم، چاوی نوقاندووەو... ئەوە ئازاری پێ دەگات؟
دەڵێت: تۆ هەقت نەبێت بۆ من تەماشا بکە... ئەی ئێستا چی دەکەن؟
دەڵێم: لێویان لەسەر لێوی یەکتر داناوە... ئای... ئای...
دەڵێت: چی بوو؟
دەڵێم: پیاوەکە زبانی دەکاتە دەم ژنەکەوە، ئەویش زبانی دەکاتە دەم پیاوەکەوە...
دەڵێت: لە دوای ئەوە، چی دەبینی؟
دەڵێم: پیاوەکە چۆن منداڵ مەمکی دایکی دەمژێت، ئاوا مەمکی ژنە دەمژێ...وا باوەشیان لە یەک دا... کابرا، ژنەی خستە سەر پشت... خۆی چووە نێو گەڵییەوە... خۆی بەسەریا دا... ژنەکە دەبینم هەر دوو دەستی لە پشتی پیاوەکەی ئاڵاندووەو بە خۆیەوە دەنووسێنێت... کامیانە دەنووزێتەوە، دەنرکێنێت، نازانم... کابرا خۆی نەوی دەکا و خۆی بەرز دەکاتەوە... دەستیشی لەسەر مەمکی داناوە... کابرا، چاوی نوقاندووە... وا لە جووڵە کەوت...
وەک لەسەر شتێکی لووس بخزێت، ئاوا خزاو لە تەنیشتییەوە لەسەر پشت پاڵ کەوت... هەر دەستی ناوەستێت، دەست دەبات یاری بە قژی دەکات... دەست بە کەفەڵ و لا ڕانی ژنەکە دادێنێت و بە دەستی دەگەڕێت دەستی ژنە دەدۆزێتەوە... دەستی ماچ دەکات...
دەڵێت: ژنەکە چی دەکات؟
دەڵێم: ژنەکە کپ و خامۆش درێژ بۆتەوە... چاوی هەر نووقاوە وەک پەلەقاژەی بکات، دەست دەبات قژی پیاوەکە لە چنگ دەگرێت و یاری پێ دەکات...
هەر دووکیان، متەق ناکەن، چاویان لە بنمیچەکە بڕیوە... خۆزی دەمزانی تەماشای چی دەکەن؟
کابرا، دووبارە دەستی ژنەکە ماچ دەکات و هەڵدەستێت.
ژنەکە وەک سڕ بووبێت هەڵناستێت...
پیاوەکە خۆی لەبەر دەکات...
دەڵێت: ڕۆیشت...؟
وا دەڵێت و یەک دوو فرمێسک لە ناو ڕیشە سپییەکەیدا ون دەبن... دەست دەبات لە ژێر سەنیاکەیەوە، کێردێک دەردێنێ:
خۆزی ئەمەم لە دڵیدا نووقم دەکرد... دوای کەمێک بەسەر منداڵەکەدا هاوار دەکات:
وەرە... وەرە دەی... من چی دەڵێم لە دوای منەوە بیڵێرەوە:
"و الضحی"
و االضحی... و الضحی... و الضحی"...!"
"و اللیل اذا سجی"..." و اللیل اذا سجی".